سەماحەتی حەکیم پەشوازی لەوەزیری دەرەوە دەکات و جەخت لەسەر پاڵپشتیکردنی حزمەت لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی دەکات



لەنووسینگەی تایبەتی خۆیدا بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی پەشوازی لە ڕێزدار دکتۆر فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراق و بەڕێز سیروان بارزانی کرد، لەم دیدارەدا کە لە 23-5-2023 ئەنجامدرا، هەردوولا بیروڕایان سەبارەت بە دۆخی سیاسی عیراق و ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرد و باسیان لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانی عێراق لەسەر ئاستی لووتکەی عەرەبی کرد کە بەم دواییە لە جیدە بەسترا.

سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە پێویستە بەرەو پێش بچن لە فایلی بودجە و یاسا گرنگەکانی وەك یاسای نەوت و غاز و پێویستە پاڵپشتی حکومەت بکرێت بە ئەوەی بتوانێت خزمەتی بەرنامەی حکومەت بکات بەپێی ئەو ڕێزبەندییەی لە ڕووی گرنگی داڕێژراوە.